# هەڵبژاردنەکانی کوردستان
# مانەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی؟ یان دەرفەتێک بەرەو دیموکراتی!

## ئەیوب بارزانی و نەوزاد وەلی

لە سیستمە دیموکراتییەکاندا ، هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە و بەردەوامیی و مانای ڕێزگرتنە لە بڕیاری گەل کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە ئازادییەکانی دەرئەبڕێت و ئاوات و ئامانجەکانی ئەهێنێتەدی و بڕیاری ئەوە ئەدات کە ئایا دەسەڵاتداران سەرکەوتوو بوون لە کارەکانیاندا یان نا. بە بێ پرۆسەی هەڵبژاردن و گۆڕان و نوێبوونەوەی دەسەڵات ، ئەوا دەسەڵات وەک گۆمێکی داخراوی لێدێت و بەرەبەرە بەرەو بۆگەنبوون ئەچێت و ئیتر ئەو دەسەڵاتە ناتوانێت دەربڕی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەی بێت و بەرەنگاری کێشە و سەختییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی ببێتەوە ، چونکە متمانەی جەماوەری نەماوە.
ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵبژاردن بووە بە دیاردەیەکی باو ، لە وڵاتە دیموکراتییەکان و دیکتاتۆرییەکانیشدا پەیڕەوئەکرێت ، بەڵام بێگومان بە شێواز و دروشمی جۆراوجۆر و جیاوازەوە و بەگوێرەی خواست و ئارەزووی دەسەڵاتداران.
لە وڵاتانی ئەوروپا و لە ئەمێریکا ڕێز لە ویست و خواستی گەلانیان ئەگرن ، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نیە کە هەمان تێڕوانیان لەسەر دیوکراتی بۆ دەرەوەی وڵاتانی خۆیان هەیە و پشتگیریی کاروانی دیموکراتی ئەکەن! ئەو وڵاتانە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا گرنگیی نادەن بە دیموکراتی لە وڵاتانی دنیای سێیەمدا ، ئافریکا ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیش!
حەماس لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەدا سەرکەوت بەسەر ڕێکخراوی فەتح دا ، بەڵام ئەو جۆرە دیموکراتییە ناگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندەکانی ڕۆژئاوادا ، بۆیە هەر زوو لەگەڵ بەرپرسە دەوڵەمەند و گەندەڵەکانی فەتح ڕێککەوتن دژی ئەو دۆخە نوێیە.
هەر بەو جۆرەش و وەک خەڵکی کوردستان ئاگادارە ، لە هەڵبژاردنەکەی پێشوودا ، ئەمێریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا گرنگییەکی ئەووتۆیان نەدا بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و خۆیان لەو هەموو گزیی و فڕوفێڵەی دوو حیزبدەسەڵاتەکە بێدەنگ کرد ، لە کاتێکدا کە پێشێلکارییەکان گەیشتنە ڕادەی کوشتنی هاونیشتمانییان و سوتاندنی نوسینگەی لایەنی بەشدار لە هەڵبژاردنەکاندا.
ئەمڕۆ کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد بووە بە کێشەیەکی نێودەوڵەتیی و چەندان لایەن بەشدارن لە پروسێسەکەدا ، ئەمەش مانای وایە کە چارەسەری کێشەکان هەر تەنیا بەدەست لایەنە خۆماڵییەکانەوە نیە.
گەلی کورد ژیانی ڕاستینەی دیموکراتی بە خۆیەوە نەبینیوە ، نە لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی عێراقدا و نە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆماڵیدا. ئەمڕۆش کە لەم قۆناغە نوێیەی پێشکەوتنی گەلاندا و گەلەکەمان بەرەو هەڵبژاردنێکی نوێ ئەچێت و بۆ یەکەم جار دەیان ڕێکخراوی هەمەجۆرە و لە دەرەوەی دوو حیزبدەسەڵاتەکە و حیزبە کلاسیکییەکان ، بەشداریی هەڵبژاردن ئەکەن ، ئەبێت وەک پێشتر لە وتارەکانماندا باسمان کردووە ، چاوەڕوانی ئەوە بین کە دەسەڵاتداران پەنا بۆ هەموو کارێکی نایاسایی و نابەجێ ئەبەن تا هەڵبژاردنەکان دوابخەن و چارەیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە کە مانەوەیان لە دەسەڵاتدا مسۆگەر بکات.
هەر لەم ڕووەشەوە و یەکەم هەنگاوی دەسەڵاتداران ئەوە بوو کە هەڵبژاردنی پارێزگاکانیان دواخست. دواتر پروپاگەندەی ئەوەیان کرد کە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا ئەکرێت. دواتریش کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە پارتی سەرۆکایەتی ئەکات ، ڕایانگەیاند کە لەبەر هۆی تێکنیکیی ، کوردەکانی دەرەوەی وڵات بۆیان نیە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق ، دوو حیزبدەسەڵاتەکە پارەیەکی خەیاڵییان تەرخانکرد بۆ گەیاندنی کوردانی ئەوروپا بە سنوقەکانی دەنگدان. جگە لەوەش کە سەرانی دوو حیزبدەسەڵاتەکە زۆر بێشەرمانە فتوای ئەوەیان ئەدا کە ئەوەی دەنگ نەدات "خائین و زۆڵە". ئەمڕۆش هەمووومان ئەیبینین کە چونکە گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژیی ، ئەڵێن لەبەر "هۆی تێکنیکیی" کوردانی دەرەوەی وڵات بۆیان نیە دەنگ بدەن!
هەر هەفتەیەک دوای ئەو ڕاگەیاندنەیان و هەر لەڕێی کۆمیسیۆنەکەی پارتییەوە کە ناویان ناوە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ، دیسان ڕایانگەیاند کە "لەبەر هۆی تێکنیکیی" هەڵبژاردنی

پارلەمانی کوردستان دوائەخرێت! سەیرەکە لەوەدایە کە چونکە پارلەمانی کوردستان سەربە دوو حیزبدەسەڵاتەکەیە ، بڕیاری هەڵبژاردنەکانی داوەتە دەست کۆمیسیۆنێکی عێراقیی!
ئەم گاڵتەجاڕییە ئەوەمان بیرئەخاتەوە کە لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا ، سەدام دە فڕۆکەی جەنگیی ئەنارده سەر ئێران و دووانیان ئەگەڕانەوە و لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیشیاندا ئەیانوت ئەوانی تر "بە هۆی تێکنیکی"یەوە کەوتوونەتە خوارەوە!
بە هەر حاڵ لە سەروبەندی ئەم هەموو گۆڕانکارییانەدا و تێپەڕبوونی گەل و نیشتمانەکەمان بە قۆناغێکی پڕ ڕووداو و چاوەڕوانییەکان ، ئەبێت لە ڕوانگەیەکی فرەوانەوە سەیرێکی نەخشەی سیاسی دەوروبەرمان بکەین و تێڕوانینێکی زانستییانەمان بۆ باس و ڕووداوەکان هەبێت ، چونکە لەم سەردەمەی گلۆڵەدا تەنیا فاکتەرە ناوخۆییەکان نین کە ئەبێت حسابیان بۆ بکەین ، هەروەها بۆ ئەوەی کە بە هۆشیاریی و ویستی بەرزەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەین. بۆیە ئەبێت بە شێوەیەکی کورت و چڕ ، سەرنج بدەینە ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکە و تێکئاڵاوییان لەگەڵ پرۆسەکەی ئێمە.

لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە:
* داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمێریکاوە و گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا ، لەپێناوی دیموکراتییدا نەبووە و ئەمێریکا گرنگییەکی ڕاستینەی پێ نەداوە ، بەڵکوو بە مەستی بەردەوامیی دابینکردنی وزە بووە بۆ پێویستییەکانی پێشکەوتنی ئابوری خۆی.
* بوونی ئەمێریکا لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و زامنکردنی دەستگرتن بە سەر سەرچاوەکانی وزەدا ، دەرفەتی بەردەوامیی زاڵبوونی ئەدات بەسەر دنیادا و ئەبێتە هۆی ڕێگرتن لە پەرەسەندنی بوون و سیاسەتی ڕوسیا و چین لە ناوچەکەدا و هەڕەشە بۆ سەر ئێران و لە هەمان کاتیشدا پاراستنی ئاساییشی ئیسرائیل.
* دەستگرتنی ئەمێریکا بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بە سنورێکی دیارییکراو ڕەوتی سیاسەتی حکومەتەکانی ناوچەکە بگۆڕێت تا لەگەڵ بەرژەوەندەکانی خۆیدا یەکبگرنەوە.
* مامەڵەکردن بە کێشەی کوردەوە ، وای لێئەکات کە بە ئاسانیی کاریگەریی هەبێت لەسەر حکومەتی عێراق و دراوسێکان ، بەتایبەتییش سوریا و ئێران.
* ئەوەی ئێمەش ئاگادارین ، تا ئێستا هیچ نوسراوێکی نهێنی و ئاشکرا نیە کە تیایدا ئەمێریکا پەیمانی پاراستنی ئاسایشی کورد بدات و نەهێڵێت کارەساتە خوێناوییەکانی ڕابوردووی دووبارە بینەوە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەرئەخات کە تا ئێستا ئەمێریکا دەرگای مانۆری دانەخستووە بە ڕووی وڵاتانی دابەشکەری کوردستاندا.
* بە ڕای ئێمە ئەمێریکا کورد وەک کاردێک و لە کاتی پێویستدا بەکارینەهێنێت ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد هەمیشە لە گۆڕاندایە و بەگوێرەی گۆڕان لە بارودۆخی ناوچەکەدا و بۆ نمونە ، ڕێککەوتنی ئەمێریکا – ئێران ، ئەمێریکا – تورکیا ، یان ئەمێریکا – عێراق.
*ڕۆڵی ئەوروپا ، ڕوسیا و چین لە کوردستاندا سنوردارە لەچاو توانا و ڕۆڵی ئەمێریکادا ، بەڵام لەوانەیە لە کاتی کێشەی ئەمێریکا لەگەڵ عێراقدا ، ڕۆڵ و چالاکیی زیادتریان هەبێت.
* لە کاتی سوێندخواردنیدا ، ئۆباما لە وتارەکەیدا بانگەوازێکی بۆ ئەوانە بوو کە دەسەڵاتدارن لە دنیای ئیسلامییدا و ئەو ڕژێمە بۆگەنانەی کە هێزە بەرهەڵستکارەکانیان سەرکوت ئەکەن (بێگومان ئەوە سەرکردایەتی کوردیش ئەگرێتەوە). ئەوەی لەو بانگەوازەدا ئاشکرایە ، ئەوەیە کە ئەمێریکا گرنگیی ئەدات بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆی ، نەک کێشەی دیموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوەش دەرکەوت کە بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما وتووێژی لەگەڵ ئێراندا پێ باشترە وەک لە هەڕەشەکانی جۆرج بوش.
* هەر چۆنێک بێت ، باسی دیموکراتیی پەیوەندیی کەم و زۆری هەر بە ڕادەی هۆشیاریی گەلانەوە هەیە و پیادەکردنی نرخێکی بەرزی هەیە و ئەبێت ئامادەبن بۆ ئەو نرخە بەرزە. هەر وەک "تۆنی بلەیر"ی سەرۆکوەزیرانی پێشووی بریتانیا جارێک وتی ، ئەمێریکا و ئەوروپا کاتی خۆیان بەفیڕۆئەدەن لە بڵاوکردنەوەی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕوانگەی ئەوەوە هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە نیە بۆ دیموکراتی ، چونکە ژێرخانێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی نیە کە ئامادە بێت بۆ ژیانی دیموکراتی.

دەستپێشخەریی باشی وڵاتانی ڕۆژئاوا ، بە لایەنی کەمەوە ، لەوەدایە کە پشتگیریی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانمان نەکەن ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەبێت گەلان بە تەواویی پشت بە هێز و توانای خۆیان ببەستن و چاوەڕێی یارمەتی دەرەکیی نەکەن.
ئەبێت ئێمەی کوردیش ئەو ڕاستییە باش بزانین و هەر وەک پەندێکی پێشینانمان ئەڵێت: (گەر چاوەڕێی دەستی دراوسێ بیت ، شەو بێ شێو سەرئەنێیتەوە). بۆیە ئەبێت ئێمەش بەوپەڕی هۆشیاریی و تواناماتەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەین و سنورێک بۆ دەسەڵاتی حیزب و خێڵ دابنێین کە هەژدە ساڵە دەستیان گرتووە بە سەر خێروبێر و سامانی کوردستاندا.
* تا ئێستا ئەمێریکا ئەو سیاسەتەی هەڵبژاردووە کە پەیوەندیی نێوان تورکیا و حکومەتی کوردستان بەهێز بکات ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەر گرژیی و تێکچوونێک لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو دۆستەیدا ، ئەبێتە هۆی ناڕەزایی بەڕێوەبەرایەتی ئەمێریکا ، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەو گرژیی و تێکچوونانە کاردانەوەیان ئەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمێریکا لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
* لە لایەکی تریشەوە و لەپێناوی ئەوەی کە ڕێگریی لە ئێران بکات کە پێشەنگی هێزە شیعییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ، هەروەها لە ئیسلامییە ئوسوڵییە سونەییەکان و نەتەوەییە عەرەبییە ڕادیکالییەکان ، ئەوا لەوانەیە کە ئەمێریکا پەیوەندیی و هاوپەیمانییە سیاسییەکانی لەگەڵ تورکیا وحکومەتی کوردستان و ئیسرائیلدا پتەو بکات.
هەروەها لێرەدا بە گرنگی ئەزانین کە ئەو بەشەی وتارەکەی ئۆباما بنوسینەوە: (بە دنیای ئیسلامیی ئەڵێم ، ئێمە بەرەو پێشەوە ئەڕۆین و بە ڕوانگەیەکی نوێوە و لەسەر بنەمای بەرژەوەند و ڕێزگرتنی هاوتا. ئەو سەرکردانەش کە کێشە دروستئەکەن و کێشەکانی کۆمەڵگاکانیان ئەخەنە ئەستۆی ڕۆژئاوا ، ئەبێت ئەوە بزانن کە ئەوە گەلانیانە بڕیارئەدەن دەسەڵاتدارانیان چییان بۆ کردوون! نەک چییان لێ وێران کردوون. ئەوانەش کە بەزۆر دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و لە ڕێی ڕژێمی گەندەڵ و بۆگەنەوە و گەلانیان هەڵئەخەڵەتێنن و دەنگی بەرهەڵستکاران کپئەکەن ، پێیان ئەڵێین لە لایەکی هەڵەی مێژوودا وەستاون ، بەڵام دەستی یارمەتییان بۆ درێژ ئەکەین ، ئەگەر دەستیان شل بکەن!).

**لە ڕووی ناوچەییەوە:**
گومان لەوەدا نیە کە تورکیا ، ئێران و سوریا زۆر بە هۆشیارییەوە چاودێریی گۆڕانکارییەکانی باشوری کوردستان ئەکەن و چاوەڕێی دەرفەت ئەکەن کە نەهێڵن سەربەخۆیی کورد پەرەبسەنێت. لەپێناوی ئەو مەبەستەشیاندا هەمیشە لە پلاندانانداندا ، بۆیە سیاسەتە گشتییەکانیان لە چەند خاڵێکدا بە ئاشکرا دەرئەکەوێت ، وەک:
* هاوکاریی و گۆڕینەوەی زانیاریی لەنێوان دەزگا جاسوسیی و سەربازییەکانیاندا دەربارەی عێراق و کوردستان. هەروەها لە هەوڵداندان بۆ لەباربردنی فیدراڵیی و گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە بۆ سەردەمی جارانی پێش هێرشی ئەمێریکا بۆ سەر عێراق.
* بە هۆی بوونی سەربازیی ئەمێریکا لە عێراق و کوردستاندا و ڕێگرتنیان لە دەستتێوەردانە ئاشکراکانی وڵاتانی دراوسێ ، ئەو دەوڵەتانە ڕێیەکی تریان گرتووەتەبەر کە ئەویش سیاسەتێکی ئابورییە و وای لە کوردستان کردووە کە بە تەواویی لەو ڕووەوە پشت بە بەرهەمەکانی ئەو وڵاتانە ببەستێت ، بەتایبەتیی لە بەرهەمی کشتوکاڵیی و خواردندا. ئەمەش ئەو ڕاستییە تاڵەیە کە وڵاتێک ناتوانێت لە ڕووی سیاسییەوە ئازاد بێت ، ئەگەر نەتوانێت ئابوری خۆی بپارێزێت و بژێوی هاونیشتمانییانی دابینبکات.
* ئەوەی کە ئاشکرایە بە هۆی بەرژەوەندە ئابورییەکانەوە ، پەیوەندییە تایبەتییەکانیش دروستئەبن. ئەوەش کە هەموو هاونیشتمانییان ئەیبینن ئەوەیە کە ژمارەیەکی هێجگار زۆری بەرپرسان و لە لوتکەی دەسەڵاتدا ، توێژێکی تایبەتییان دروستکردووە و سەدان پرۆژەی بازرگانیی گەورەیان لەگەڵ دامودەزگا بازرگانیی و پیشەسازییەکانی تورکیا و ئێراندا هەیە.
* ئەو دەوڵەتانەی دراوسێ و لە ڕێی دامودەزگا بازرگانیی و پیشەسازییە بڵاوەکانیانەوە لە کوردستاندا ، چەندان تۆڕی جاسوسیی کاریگەری گەورە و فرەوانیان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دەمەزراندووە ، ئەمە جگە لەوەش کە ژمارەیەکی زۆر سیخوڕ و بەکرێگیراویان خستووەتەگەڕ. ئەم ڕاستییە تاڵەش بە ئاسانیی لە ڕووخساری هاونیشتمانییاندا ئەبینرێت کە چۆن توشی بێمتمانەیی بوون.
* هەروەها لەبەرئەوەی کە ئەو دەوڵەتانە تەواو زاڵن بەسەر سنورەکانماندا ، هەر کاتێک بیانەوێت ، ئەوا بە ئاسانیی سنورەکان بە ڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانییدا دائەخەن.

* نەبوونی پلانی داڕێژراو لە لایەن سەرکردایەتی دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ، بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە بە پلانەکانیان ، ببنە هۆی شێواندنی ئابوری کوردستان و ڕێگر لە پەرەسەندنیدا.
* ئەوەی لەم دواییانەدا تێبینی ئەکرێت ، ئەوەیە کە لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی تورکیا ئەیانەوێت ببن بە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپادا ، وا پێشانئەدەن کە ئەیانەوێت کێشەی کوردیش بە ئاشتییانە چارەسەر بکەن! بەڵام هیچ یەکێک لەو دوو هەوڵەیان سەرکەوتوو نابێت ، ئەگەر دیموکراتی لە بواری سیاسییدا پەیڕەو نەکرێت. هەروەها لەم دواییانەشدا هەست بەوە ئەکرێت کە تورکیا لەهەوڵدانادایە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکاندا پتەو بکات و نەرمییەکیش بەرامبەر بە حکومەتی کوردستان پێشانبدات.
* حیزبە نەتەوەپەرستەکان و دامودەزگاکانی سوپای تورکیا ، دژی هەندێک لەو گۆڕانکارییانەن کە ئەمڕۆ لە تورکیادا ئەکرێت ، بەتایبەتیی ئەوەی پەیوەندیی بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردەوە هەیە. ئەمڕۆ بە ئاشکرا ململانێی نێوان توێژە بۆرجوازییە ئەنەدۆڵییە ئیسلامییە پەرەسەندووەکان و کەمالییەکان ئەبینرێت ، ئەوان لەپێناوی گۆڕینی ڕەوتی تورکیا بەپێی ئاواتەکانی خۆیان و کەمالییەکانیش لەپێناوی مانەوەیاندا لە دەسەڵات و سوپادا.
* تورکیا لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ سەرنەکەوتنی هەوڵەکان لەپێناوی گەڕانەوەی ناوچە داپڕاوەکانی وەک کەرکوک ، خانەقین و سنجار و ..تد. هەروەها دوژمنی سەرسەختی مادەی 140 و چارەنوسی کەرکوکە. لەم ڕووەشەوە ، پشتگیریی مافی کەمایەتی تورکمان و لێدانی PKK ی کردووە بە بیانوو بۆ دەستتێوەردانەکانی لە کاروباری کوردستاندا و وێرانکردنی سنورەکان.
* ئەمڕۆ تەوەرێکی ڕوسیی – ئێرانیی هەیە و ئەیانەوێت ڕۆڵێکی گەورە لە کورستاندا دژی ئەمێریکا ببینن ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە تا ئێستا هەر ئەمێریکایە کە چارەنوسی باشوری کوردستان دیارییئەکات.
* گومان لەوەشدا نیە کە وڵاتانی دراوسێ هەوڵئەدەن بەگوێرەی هاوکێشەکانیان ئەو لایەنانە هەڵببژێرن کە زیادتر بواری لێکتێگەیشتنیان لەگەڵیاندا هەیە و لە ڕێی ئەوانەوە ململانێکانیان ببەن بەڕێوە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بە دوژمنیان دائەنێن.

هەروەها دوای ئەوەی کە بە کورتیی و چڕیی سەیرێکی دەوروبەری کوردستانمان کرد ، هەر بەو شێوەیەش بە کورتیی و چڕیی باسی دیاردە سەرەکییەکانی بارودۆخی ناوخۆی وڵات ئەکەین.
* لە کوردستاندا و هەر وەک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ، کەمینەیەکی دەوڵەمەندی مشەخۆر بە تەواویی دەستیان گرتووە بە سەر سامانی گەلەکەماندا و ڕەگیان داکوتیوە لە گەندەڵیی و مشەخۆریی و نەبوونی ڕونیی و چەوسانەوەدا.
* نزیکەی پەنجا ساڵە ململانێی نابەجێ لەناو بزوتنەوەی کوردییدا هەیە و تا ئێستا لە شێوازدا نەبێت ، هیچ لە ناوەڕۆکەکەیدا نەگۆڕاوە و هەمان دەموچاو و ڕەفتار و هەمان هەڵپەرستیی و شێوەی مامەڵەکردنیان هەیە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا و ئەو دیاردانەش بوون بە بەشێکی بنچینەیی لە کەلتوری سیاسی و ڕەفتاری سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستاندا. ئەمەش وای کردووە کە ئەو سەرکردایەتییانە ناتوانن بەردەوامبن و سنورەکان و ئاساییش بەبێ پشتگیریی ڕاستەوخۆی ئەمێریکا بپارێزن.
* سەرکردایەتی دوو حیزبدەسەڵاتەکە دەیان ساڵە گەلی کوردیان توشی دەیان شەڕی خوێناویی کردووە و چەک و تەقەمەنی و یارمەتییە هەمەجۆرەکانیشیان لە عێراق ، تورکیا و ئێران وەرگرتووە.
* لە مێژووی گەلاندا ڕاستییەک هەیە و ئەوەیە کە ئەگەر سەرکردایەتییەک لە ماوەیەکی دیارییکراودا ، سەرنەکەوت لە بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەیدا ، ئەوا وازئەهێنێت و سەرکردایەتییەکی نوێ بەردەوام ئەبێت لە خەباتدا ، بەڵام ئەوەی کە زیادتر مایەی سەرسوڕمانە ، ئەوەیە کە لە لای ئێمە سەرکردایەتییە کۆنە دەیان ساڵییەکە هەر بەردەوامە و لەم شکستەوە بۆ ئەو شکست و لە هەمووشیان سەرگەردانتر ، شکستەکەی ساڵی 1975 بوو کە چەند قۆناغێک شۆڕشەکەمانی بەرەو دواوە گەڕانەوە ، بەڵام تا ئێستاش هەر بەردەوامن و بەدتر لە جاران کەوتونەتە گەندەڵیی و تاڵانکردنی سامانی گەلەکەمان. ئەوەش کە لەم ڕووەوە ئاشکرایە ، ئەوەیە کە دوژمنانی کورد ئەوانەیان لە لا باشترە وەک لە سەرکردایەتییەکی نوێ کە دڵسۆزانە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلەکەمان بەرەو قۆناغێکی نوێ ببات.
ئەوەتا هەمووومان بە چاوی خۆمان ئەیبینین کە ئەمڕۆ و لە کاتێکدا هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان نزیکبووەتەوە ،تورکیا نەرمیی پێشانئەدات و بۆ یەکەم جاریش لە مێژووودا بەرپرسێکی بەرزی ڕژێمی

ئێران سەردانی هەولێر و سلێمانیی ئەکات. ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا بەشداریيکردنی ئەو ڕژێمانە نیە لە پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ سەرانی دوو حیزبدەسەڵاتەکە و ئەو حیزبانەی کە ناسراون بە هاوکارییان لەگەڵ ئێراندا؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەو ڕژێمانە ڕازیین بە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان و مەترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە هێزە بەرهەڵستکارەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا ببن بە ڕێگر لە پیادەکردنی پلانەکان و بەرژەوەندەکانیاندا؟

بۆچی حکومەتی عێراق خۆی کەڕ کردووە لە دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان؟ بێگومان لەبەرئەوەیە کە ئەیانەوێت ئەو دەسەڵاتەی ئەمڕۆی کوردستان وەک خۆی بمێنێتەوە و هێزە بەرهەڵستکارەکان دەستیان نەگاتە دەسەڵات و نەبن بە ڕێگر لە جێبەجێکردنی پلانە هەمەجۆرەکانیاندا.

* سەرکردایەتی دۆڕاوی ئەمڕۆ ، بۆ لێدانی لایەنە کوردییەکان و شەڕی ناوخۆ و کوردکوژیی ، هەڵسوکەوتی لەگەڵ سوپای هەموو داگیرکەراندا کردووە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە هەوڵئەدەن کە ئەم سەرکردایەتییە بپارێزن و بیهێڵنەوە بۆ دژایەتی هێزە بەرهەڵستکار و گۆڕانکارییەکان.

* تا ئێستا سەرکردایەتی دوو حیزبدەسەڵاتەکە نەیانتوانیوە لە بازنەی حیزبایەتی تەسک و بەرژەوەندە بنەماڵەیی و خێڵەکییەکان دەربچن و ئەو هێزە چەکدارەش کە هەیانە ، تا ئێستا نەبووە بە هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانیی و تەنیا لەژێر فەرمانی سەرۆکی دوو حیزبەکە و خزمانیاندایە ، بۆیە تا ئێساتاش هەر گیانی میلیشیایی زاڵە بەسەریاندا.

* هەر ئەوەشە کە وای کردووە تا ئێستا وەزارەتەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ یەکنەخەنەوە.

* لەبەرئەوەش کە بەرژەوەندەکانیان حیزبیی و بنەماڵەیی و خێڵەکییە ، ئەوەتا هەموو جەماوەر ئەیبینێت کە تا ئێستاش وەزارەتی(پارە) – دارایی یەکناخەنەوە و بودجەی کوردستانیش وەک برا بەشئەکەن.

* لە ئەنجامی ئەو گەندەڵیی و لوشدانەی سامانی گەلدا ، هەندێک خێزان و بنەماڵەی سەرکردایەتییەکان کە پێش ڕاپەڕین لەوپەڕی هەژارییدا ئەژیان ، ئەمڕۆ و لەسایەی ئەو دەسەڵاتەدا ، بە شێوەیەکی وا خەیاڵیی دەوڵەمەند بوون کە لە کەلتور و فەرهەنگی سیاسی و ئابوری هیچ وڵاتێکدا ڕوونەداوە! لە کاتێکدا کە زۆرینەی جەماوەری گەلەکەشمان بە هۆی گرانیی و نەبوونی یاسا و ڕێسای بازاڕ و بازرگانیی و زۆریی بێکارییەوە ، ئەناڵێنن و هێجگار بەزەحمەت بژێوی خۆیان و ئەندامانی خێزانەکانیان بۆ دابینئەکرێت. ئەو هۆیانە و سەرجەمی هۆیەکانی تر بوونەتە هۆی دروستبوونی دیوارێکی مەتینی بێمتمانەیی لە نێوان جەماوەر و دەسەڵاتداراندا.

* ڕاستییەکان تا ئێستا ئەوەیان دەرخستووە کە هێزەکانی پۆلیس ، ئاسایيش و پێشمەرگە ، کاریان تەنیا مانەوەی ڕژێم و دەسەڵاتدارانە و پاراستنیانە لە جەماوەری بێزار و ناڕازیی گەل.

* دەسەڵاتداران لە ڕێی پروسێسی دیموکراتیدا وەستاون و پێشێلکاریی و گزیی و فرۆفێڵیان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کرد و هەڕەشەیان لە بەرهەڵستکاران و چەندان کەسایەتی کرد کە سەریان بۆ دەسەڵاتی بێپایانیان شۆڕنەکرد. ئەوەتا ئەمڕۆ سەدان خێزان و بنەماڵە لە بەردەمی پارلەمانەکەی دوو حیزبدەسەڵاتەکەدا خۆپێشاندان و مانگرتن ئەکەن و داوای ئاشکراکردنی چارەنوسی کەسوکارە دیارنەماوەکانیان ئەکەن کە هەر بە دەستی دامودەزگا حیزبییەکان و پاراستن و ئاسایيش و زانیاریی ساڵانێکە بێسەروشوێنکراون. لەگەڵ ئەوەشدا و تا ئێستاش دەسەڵاتداران ئامادە نین باسی ڕاستییەکان بکەن و چارەنوسیان ئاشکرا بکەن. ئەمەش ئەگەر نەڵێین عێراق و بەعس ، ئەوا هەمان کارەساتەکانی وڵاتانی شیلیێ و لاووس و کەمبۆدجیا و دیکتاتۆرەکانی وەک پۆڵپۆت و پینۆشێ مان بەبیرئەهێنێتەوە.

* سەرکردایەتی ئەمڕۆ ، تا ئێستا نەیتوانیوە خزمەتگوزارییە سەرەکییە ڕۆژانەییەکانی ژیانی هاونیشتمانییان دابینبکات ، وەک ئاو و کارەبا و سوتمەنی و هۆیەکانی گواستنەوە و دەرمان و تەندروستیی و چارەسەری دادپەروەرانەی کرێچییەتی و ڕۆژبەڕۆژیش باری چین و توێژە هەژار و کەمدەرامەتەکان ، گرانتر ئەبێت ، لە کاتێکدا کە خێزان و بنەماڵەی سەرکردە و بەرپرسەکان لەوپەڕی ناز و نیعمەتدا و لە ڤیللای چەند ملیۆن دۆلارییدا ئەژین!

* هەڵوێستەکانی جەلال تاڵەبانیی و مەسعود بارزانیی هەمیشە لە گۆڕاندان ، کاتێک کە لە بەغدا و لە دەرەوەی وڵاتن ، خۆیان وەک کەسایەتییەک پیشانئەدەن کە داکۆکییکەرن لە دیموکراتی ، فیدراڵیی ، فرەحیزبیی و ڕەخنە لە دیکتاتۆریی ئەگرن ، بەڵام هەر کە گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان ، بۆ کوردستانەکەیان ، ئەو هەڵوێستەیان ئەگۆڕێت و خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لەو هەموو چەوسانەوە و زۆرداریی و گەندەڵییە ، تەنانەت هەڕەشە لە بەرهەڵستکاران و ڕۆژنامەنوسانیش ئەکەن و بۆ ئەو

مەبەستەش پارلەمانەکەیان کردووە بە ئامرازی دەستیان و لەسەر حسابی کۆمەڵگاکەمان بەرژەوەندە بنەماڵەیی و حیزبییەکانیانی پێ دابینئەکەن.
* لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەوە ، زەمینەیەک دروستبووە کە دەستەی دەسەڵاتدار و خاووخێزان و دارودەستەکانیان دژی ڕونیی و ئاشکراییین و لە سەرووی یاساوەن. هەر ئەوەشە کە بووەتە هۆی دزیی و تاڵانیی سامانی گەل. لە کاتێکدا کە ڕۆژ نیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسی ئەو جۆرە کارە ناپەسەندانە نەکەن و نەیانخەنە بەرچاوی گەورە و بچوکی بەرپرسان. هەروەها چەندان کەسایەتی ناسراو و ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمێریکایی و ئەوروپایی ، کەم و زۆر باسی ئەو گەندەڵیی و کەموکوڕییانەیان کردووە.
* ئەوەی کە جێی سەرنجە و گرنگە ، ئەوەیە ئەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە یەکێک لە ڕەوشتەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ئەوەیە کە نایانەوێت بەشداریی هەڵبژاردنێک بکەن کە تیایدا سەرکەوتوو نابن ، بۆیە پەنا بۆ هەموو شتێک ئەبەن کە هەڵبژاردن دوابخرێت و نەکرێت. لەکاتێکیشدا کە بە ناچاریی بەشداریی هەڵبژاردنەکان ئەکەن و سەرکەوتوو نابن ، ئەوا هەموو پروسێسەکەش لەبارئەبەن. لە ئەگەر دەسەڵاتداران لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا سەرکەوتوو نەبن ، ئەوەی کە دیاردەی سەرنجڕاکێشە لەو ڕووەوە و وەک لە وڵاتە تۆتالیتارییەکاندا ڕووئەدات ، ئەوەیە کە لەوانەیە و مێژووش ئەو ڕاستییەی دەرخستووە ، دەسەڵاتداران ڕازیی نەبن کە هێزە چەکدارەکانی کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی حکومەتی هەڵبژێرراو بە دیموکراتی و لە ڕێی سنوقەکانی دەنگدانەوە! بۆیە هەر لە ئێستاوە داوا لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارەکان ئەکەین کە هۆشیار بن لەو دیاردەیە و نەبن بە کوتەک بەدەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ سەرکوتکردنی دیموکراتی و ڕۆڵە ستەمدیدەکانی گەلەکەیان کە خۆشیان بەشێکن لەوان.
* هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە دەسەڵاتداران بە دەیان میلیارد دۆلاری سامانی کوردستانیان لەبەر دەستدایە و درێغیی ناکەن لە کڕینی دەنگەکاندا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا. بۆیە ئەبێت هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکان هەڵمەتی هۆشیاریی جەماوەریی دەستپێبکەن و بەو ڕاستییە تاڵانە ئاشنایان بکەین ، تا نەکەونە ئەو داوانەی دەسەڵاتدارانەوە.

سەرجەمی ئەو خاڵانەی سەرەوە و ئەو خەمڵاندن و لێکدانەوە و ڕاستییە مێژووییە تاڵانە ، بەو ئەنجامەمان ئەگەیەنێت کە:
* ئەگەرچی کاتێکی ئەووتۆمان لە پێش نیە بۆ هەڵبژاردن و هێشتا بە تەواویی ڕون نیە کە هەڵبژاردن ئەکرێت ، یان نا ، بەڵام ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانە کە پێکەوە بکەوینە خۆمان و بە شێوەیەکی زانستییانە لە بارودۆخەکە بکۆڵینەوە و خاڵ و هۆ و ئامرازەکانی سەر ڕێی پرۆسەی دیموکراتی دەستنیشان بکەین. بۆ ئەوەی کە پارە و دەسەڵات و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئامرازە ترسێنەرەکانی دەسەڵاتداران نەبن بە ڕێگر لە هەوڵ و کۆششەکانماندا و نەهێڵین گزیی و فڕوفێڵەکانیان سەربگرێت.
* ئەوەش داوای ئەوەمان لێئەکات کە ئێمەی بەرهەڵستکارانیش بە گیانێکی لەخۆبردوویی و هەست بە لێپرسینەوەوە و دور لە بەرژەوەندە تایبەتییەکان و گرژییە ئایدیۆلۆجییەکان و لەپێناوی بەرژەوەندە مەزنەکانی گەل و نیشتمانەکەماندا ، هەمووومان پێکەوە لە لیستێک و بەرەیەکی دیموکراتیدا کۆببینەوە و متمانەی زۆرینەی جەماوەری ستەمدیدەی گەلەکەمان دابینبکەین و بە بەرنامەیەکی واقیعیی و زانستییانەوە ، بتوانین ئاوات و ئامانجە بەرزە نەتەوایەتی و نیشتمانیی و ئابورییەکانی ساڵەها ساڵەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بهێنینەدی.
* ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە ئەوانەی خۆیان لە بەرەی خەڵک و بەرهەڵستکاراندا ئەبیننەوە ، خۆیان ئاشکرا بکەن و ڕەفتار و نهێنییە نابەجێکانی دەسەڵاتداران بۆ خەڵکەکە ئاشکرا بکەن.
کێ هەیە ئەو ڕاستییە نەزانێت کە پەیمانە ستراتیجییەکەی نێوان سەرانی پارتی و یەکیەتی تەنیا بۆ دژایەتیکردنی ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی خۆیانن. ئەو پەیمانە ناپیرۆزە کە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی دوو حیزبەکەش ئاگاداری نین ، مەبەستی سەرەکیی لێی ئەوەیە کە پرۆسەی دیموکراتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەباربەن و نەیەڵن ئەڵتەرناتیڤی دیموکراتی دروستببێت. هەروەها بۆ ئەوەی کە ئەو دوو سەرکردایەتییە بەردەوام ببن لە لوشدان و شاردنەوەی سامانی گەلەکەماندا کە چەندان ساڵە بەردەوامن لەسەری.
* 45 ساڵە ئەو دوو حیزبە دوژمنی پلە یەک و سەرسەختی یەکترن و هەرگیز نەک هەر پەیمان ، تەنانەت ڕێککەوتنێکی ڕاستینە لەنێوانیاندا نەبووە و هەزاران چەکداری خۆیان و ڕۆڵەی ئەم گەلەیان

بەکوشتداوە ، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەمڕۆ بەرژەوەندەکانیان لە مەترسیدایە و گەردەلولی دیموکراتی و گۆڕان هەڵیکردووە ، ئەوەتا پەیمانی ستراتیجیی مۆرئەکەن!
* سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە لە مێژوویاندا ئەوەیان بۆ گەلەکەمان سەلماندووە کە ڕێکنەکەوتنیان ئەبێتە مایەی شەڕ و خوێنڕشتن و زیان وماڵوێرانی بۆ گەلەکەمان و لە ڕێککەوتنیشیاندا هەر ئەبنە مایەی زیان و گەندەڵیی و تاڵانکردنی سامانی گەلەکەمان.
* بۆیە ئەبێت هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکان و پێکەوە هەوڵبدەین لەپێناوی ئەوەدا کە تەواوی هاونیشتمانییان بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن و دەنگ بدەن. هەروەها هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە مەترسییەکانی سەرنەکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی بۆ سەر خۆیان و نەوەکانی دواتریشیان.
* بێگومان لەم ڕووەشەوە ئەبێت دروشمەکانمان ساکار بن و دەرپڕی ئێش و ئازار و مەینەتییەکان و ئاوات و ئامانجەکانی زۆرینەی چین و توێژەکانی گەلەکەمان بن.
هەڵبژاردنەکانی کوردستان ، زوو یان درەنگ ، گۆڕانکاریی مەزن لە هاوکێشەکاندا دروستئەکەن. بۆیە ئەبێت هەموومان خۆمان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادەبکەین و هەر لە ئێستاوە بکەوینە خۆ بۆ پێروڕا گۆڕینەوە لەناو لایەنە بەرهەڵستکارە ڕاستییەکان لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ کۆمەڵانی جەماوەردا و دانانی بەرنامەی هەڵبژاردن و بەرنامەی کار بۆ دوای هەڵبژاردنەکان.
سەرکەوتن هەر بۆ گەلە.
2009-02-19